# ئەفسانەی کوردیی شاماران لە ڕوانگەی ئارکیتایپەکانی کارڵ گۆستاڤ یۆنگەوە (لێکولینەوەیەکی دەرونشیکاری)

د. هەژار فەقێ سلێمان حسێن
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی گەرمیان- وەزارەتی پەروەردە- هەرێما کوردستانێ/ عیراق
م. ی. ژینۆ عەبدولڕەحمان محەمەد
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی- وەزارەتی پەروەردە- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

یەکێک لە دیارترین ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی کە بەتەواوی کوردی و موڵکی ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکیی کوردییە، ئەفسانەی شامارانە. ئەم بوونەوەرە ئەفسانەییە، کە نیوەی سەرەوەی لەشی ژنێکی جوانخاسە و نیوەی خوارەوەی مارێکی گەورەیە، ڕۆڵێکی گرنگی لە چیرۆک و ئەفسانە و باوەڕی کوردیدا هەیە. کارڵ گۆستاڤ یۆنگی دەروونشیکاری ناوداری سویسرایی و گەورە دەروونشیکاری چیرۆکە ئەفسانەییەکانی جیهان و خاوەنی تیۆری نەستی کۆ، چەند ئارکیتایپێکی هاوبەش و باو و دیار-بە نەخشەی گشتگیریش ناودەبرێن-، لە چیرۆک و حیکایەتە ئەفسانەییەکانی گەلانی دنیادا دیاری دەکات، بە مەبەستی تێگەیشتن لە عەقڵ و نەستی کۆی مرۆڤایەتی و باوباپیرانمان و چیرۆکەکانیان و ئەو دەرگا و دەریچەیەی، کە دەیانەوێت بارە دەروونییەکانی خۆیانیان لێوە ئاوەڵا و پیشان بدەن. دیارترینیان شاتێما و ئارکیتایپەکانیش کە کارڵ گۆستاڤ یۆنگ بەرباسی داون، ئەمانەن (ئانیما و ئانیمۆس، پیری دانا-حەکیم، پیرسۆنا، خود، سێبەر و پاڵەوان). لێکۆڵینەوەکە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، تا چەند و بە چ شێوە و شێوازێک چیرۆکی ئەفسانەی کوردیی شاماران، ئەو ئارکیتایپانەی تێدا مەزرێنراوە و تەوزیف کراوە، کە کارڵ گۆستاڤ یۆنگ بۆ چیرۆک و بەسەرهاتە کۆنین و ئەفسانەییەکانی گەلانی جیهانی دیاریی کردووە؟ میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: هەردوو میتۆدی (وەسفیی شیکاری و دەروونشیکاری).

**وشە سەرەکییەکان:** *ئەفسانە، چیرۆکی ئەفسانەیی، کارڵ گۆستاڤ یۆنگ، ئارکیتایپ، شاماران .*

**پێشەکی**

چیرۆکی ئەفسانەیی شاماران پڕە لە حیکمەت و پەند و تێمای خۆشەویستی و فێرکاری و چارەسەر و پاراستنی هاوسەنگیی سرووشت و مرۆڤ و دانایی و ڕەمزگەلێکی ژیانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ژمارە و ...هتد.

ئەم ئەفسانەیە لە کۆنەوە تا ئێستا لە گەلێک ناوچەی کوردەواریدا لەسەرزارانە، لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلامەوە تا دەگاتە ماردین و ڕەحا و عەفرین، زاربەزار و سنگاوسنگ گەڕاوە و کراوەتە تابلۆ و نەخش و هەڵواسراوە و لە کۆڕ و مەجلیسەکاندا دەوترێتەوە.

پلۆتی چیرۆکە ئەفسانەییەکە بەم چەشنەیە: کوڕێکی هەژار(جاماسپ-تاماسپ)، کە کوڕی پیاوێکی ژیر و دانایە بە نێوی (زریال)، ئەم باوکە خاوەن کتێبێکی دانسقەیە بە ناوی (سرووشتی جیهان). ڕۆژێک کوڕە سەرقاڵی چیلکە و دارکۆکردنەوە دەبێت لە ئەشکەوتێکدا، دەکەوێتە ناو بیرێکی هەنگوینەوە، کە شوێنی ژیانی شامارانە. شاماران لەبری کوشتنی، دەیپارێزێت و هاوسەرگیری دەکەن و زانست و نهێنییەکانی ژیانی فێردەکات. پاش ماوەیەک، داوای گەڕانەوە بۆ لای خێزانەکەی دەکات و شاماران ڕێگەی پێدەدات بەو مەرجەی کە نهێنیی شوێنەکەی ئاشکرا نەکات. دواتر، پاشای وڵات نەخۆش دەکەوێت و تەنها چارەسەری خواردنی خوێن یان گۆشتی شامارانە. پاشا فەرمان دەدات کە کوڕەکە شوێنی شاماران ئاشکرا بکات. ئەویش ناچار دەبێت نهێنییەکە ئاشکرا بکات و شاماران دەگیرێت. پێش مردنی، شاماران داواکاری هەیە کە یەکەم پیاڵەی خوێنەکەی بدرێتە پاشا و دووەم وەزیر و سێیەم جاماسپ، هەر لە جێوە پاشا دەمرێت و وەزیر زیرەکتر دەبێت و جاماسپ خۆش دەبێتەوە و پنک و پەڵەکەی لەشی نامێنێت. شاماران کچێکی دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناو شاری ماران و شارەکە دەبێتەوە خاوەنی شابانووی خۆی.

لە گێڕانەوەیەکی تردا کۆتاییەکەی بەم شێوەیەش گێڕدراوەتەوە، شاماران پێش مردنی دەبێژێت هەر کەس سەرم بخوات دەمرێت و هەرکەس ناوقەدم بخوات چاک دەبێتەوە و هەرکەس کلکم بخوات ژیریی منی پێدەگات، بەو شێوەیە وەزیر سەری دەرخواردی جاماسپ دەدات و ناوقەدی دەدات بە پاشا و خۆشی کلکی دەخوات، بەڵام شاماران کە دەیزانی وەزیر تووشی ئەو بارودۆخەی کردووە و درۆی کردبوو و وەزیرەکە دەمرێت و جاماسپ زانایی پێ دەگات و پاشاش چاک دەبێتەوە و جاماسپ دەکاتە وەزیری خۆی.

## بەشی یەکەم: ئەفسانە و ئارکیتایپەکانی کارڵ گۆستاڤ یۆنگ

### تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی ئەفسانە

ئەفسانە، وێنای بیروباوەڕ و بیرکردنەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە پێشین و دیرۆکدار و سەرەتاییەکانمان بۆ دەکات، دەربڕی یەکەمین فۆرم و مۆدێلی هۆشیاریی مرۆڤە سەبارەت بە خودی خۆی و جیهانی دەورووبەر، مرۆ لە ڕێی ئەفسانەوە ویستوویەتی ڕاڤە و شیکاری فەزا و بەستێن و حاڵوباری ئەوکات و سەردەمەکانی تری خۆی پێ بکات. ئەفسانە ئەندازە و پێودانگی تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ گەردوون و ژیان، بەم جۆرە مەبەستی بووە گرێ و گرفت و کەفوکوڵ و پرسیارە دەروونییەکانی خۆی پێ سارد بکاتەوە.

سەبارەت بە زاراوەی ئەفسانە یان ڕوونتر بڵێین ئەفسانەناسی هاتووە، کە ((وشەی ئەفسانە (میتۆلۆجیا-mythology) لە زمانی یۆنانییەوە هاتووە و لە دوو بڕگە پێکهاتووە: میتۆس، واتە چیرۆکی خواوەند و پاڵەوان، هەروەها بەشەکەی تری لە وشەی لۆگی زانینەوە هاتووە))(زیۆس، ٢٠٠٥: ٢٤)، بەسەر یەکیشەوە دەبێتە ناسین و زانینی چیرۆک و حیکایەتی خواوەند و پاڵەوانەکان.

دەربارەی پێناسەی ئەفسانەش گەلێک ڕاوبۆچوون هەن، کە دیارترینیان بەرباس دەدەین و هاوکاتیش شیکاری ئەفسانە لە هەناوی دەروونناسی و شیعر و ئەدەبیشدا دەخەینە ڕوو بەو هۆیەی کە دەقی کارلەسەرکراوی توێژینەوەکەمان لەسەر چیرۆکی (شاماران)ە.

لە دیارترینیان (میرچا ئیلیادە) (Mircea Eliade) (١٩٠٧-١٩٨٦)، لێکۆڵەر و ڕۆماننووسی ڕۆمانیاییە، کە ئەفسانەی بە چیرۆکی پیرۆزی شوێنکاتی ئەزەل و سەرەتایی ناوبردە کردووە. ئەو پێی وایە ئەفسانەکان مێژوویەکی پیرۆز و ڕووداوێکی ئەزەلیی دەگێڕنەوە، پێمان دەڵێت چۆن ئەفسانە بەرئەنجامی کردەیەکی بانسرووشتی واقیعێکە و داکەوتووە و جێکەوت بووە (الیادە ١٣٩٦: ١٩). ئەم ڕامانە پێوەندییەکی تۆکمەی بە شێوەژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئایینیی گەلەوە هەیە، لەوانەشە هەر شێوەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرهۆی چێکردنی ئەفسانە و ڕامانی ئەفسانەییی گەل بێت.

کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەرەنسایییش (ئەمیل دۆرکاهیم)(١٨٥٨-١٩١٧) پێی وایە (ئەفسانە نیشاندەری ئەو ئاگاییە گشتی و باوەڕ و بەهایانەن وا تاک لە ڕێیانەوە کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، ئەم ئاگاییە گشتییەش پارێزەری کۆمەڵی ناپیشەسازی و پیشەسازییە و یەکپارچەییان دەپارێزێت و ڕێگری لە ڕووخان و لەناوچوونیان دەکات)(ئیبراهیم،١٣٩٩: ٧٤).

ئاشــكرايه ئەفســانە لەدايكبــووى قۆنــاغێكى ســەرەتايى مــرۆڤە، (يەكەم قۆنــاغى بيركردنەوەى مرۆڤ ئەنوێنێ، ئەم قۆناغە بيركردنەوە سەرەتاييە، لە ئەنجامى قووڵبوونەوە لە دياردەكانى كەون و پێوەندييان بە ژيانى مرۆڤ لە سەر ئەرزدا پەيدا بووە)(ابراهيم، ١٩٨: ١٤).

(د.مەولوود ئيبراهيم حەسەن) وەك توێژەر و ئەكاديمييەكى ديارى كورد، كە لە بوارى ئەفسانەدا قاڵ بووەتەوە، ڕاى وايە (ئەفسانە بەرهەمى لەمێژينەى هەموو مرۆڤايەتييە و بەرهەمێكى هەمەلايەنەيە و لە ئەنجامى پێداويستييەكانى ژيان و ئارەزووە لەبنەهاتووەكانى مرۆڤەوە كەڵەكەى كردووە و كۆبووەتەوە و گەيشتووەتە ئەمڕۆ، لەو ڕۆژەوە مرۆڤ چاوى كراوەتەوە و بيرى كردووەتەوە و زمانى پژاوە، ئەفسانەش بەشێوە سەرەتاييەكەى خزاوەتە ناو بيركردنەوەى) (حەسەن، ٢٠٠٧: ٦٠).

(ئەلكزنــدەر هگرتــى كراپــێ)، ب كــورتى دبێژيــت: (( ئەفســانە ئەو كــورتە چيرۆكن، يێن پڕ ئامۆژگارى، جانەوەر تێدا خۆيا دبن ل وێنەيێن مرۆڤان و دئاخڤن، كريارا دكەن وەكى مرۆڤى... هەرچەندە ڕەوشتێن خۆ يێن جانەوەرى دپارێزن و باوەرى ب يەك فەلسەفە هەيە، ئەو ژى فەلسەفا بارێ سەخت و گرانێ تێدا)) (بادى، ٢٠٢٣، ١٠٨). (برۆنسيلاڤ مالينۆفسكى)(١٨٨٤-١٩٤٢)ێ دبێژيت: ئەفسانە ڤەگێرانەكە، كو ڕاستييەكا ڕەسەن؛ زيندى دكەت و دەستەبەركەرا پێداويستيێن كويرێن دينييە، ل گەل (بۆچوونێن رەوشتى و تيتالێن جڤاكى) دگونجيت، ئانكو ڕاستييەكا زيندييە، كو مرۆڤ بەردەوام قەست دكەتێ و داخوازا هاريكارييێ ژێ دكەت) (هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەڕە).

عەلادين سەجادى لە مێژووى ئەدەبەكەيدا، چەند ناساندن و زانيارييەك دەخاتە ڕوو سەبارەت بە ئەفسانە و دەڵێت: (ئەفسانە كە «ميتۆلۆژيا»يشى پێ ئەڵێن، ئەم وشەيە بەو ئەفسانانە ئەوترێ كە ئاشنايەتييان لەگەڵ خواكانا هەيە و بە بالاى ئەوانا وتراون، بەلام لەبەر ئەوە كە زاناكان قسەيان لە پەيدا بوون و چۆنيەتى و ڕمووزى ئەفسانەوە كردووە بە عيلمەكەش هەر ئەڵێن ميتۆلۆژيا. ئەفسانە، ڕمووز و نيشانەيەكى بۆ ئەو شتە نەفسى و ئەخلاقييانە كە لە ئادەميزاددا هەيە. ئەفسانە تەنيا هەندێ قسەى خەياڵييە بۆ ئەوكارەساتانە كە لە مێژوودا ڕووى داوە. ئەفسانە تەعبير لەو ڕەوشتە ئايينييانە ئەداتەوە، كە قەومەكانى دەورى ئەوەڵ هەروا بە جۆرێكى بێسەر و پێوەريان گرتووە بەبێ ئەوە شتێك لە بناغەكەيەوە بزانن؛ گۆيا لەبەر ئەوە شتێك لە ئايينەكەوە بزانن ئەم قسە و حەقايەتانەيان بۆ هەڵبەستوون. ئەفسانە، لە قەومە سەرەتاييەكانەوە بۆ ئەوە داهاتووە كە شان و باڵى بوتەكانيانى پێ بڕازێننەوە. گۆيا ئادەميزادى زۆر كۆن نەيتوانيوە لە حەقيقەتى شتێكى وەكوو ڕۆژ يا هێزێكى ترى تەبيعى بگا، لە ترسانا پەرستوويەتى و هێناويە بە چيرۆك و ئەفسانە ڕازاندوويەتەوە)(سەجادى، ١٩٥٢: ٨٥-٨٧).

ئەفسانەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بە خەڵکەوە هەیە و خەڵک هەڵگر و پارێزەری ئەفسانەیە و دەماودەم و سینگاوسینگ دەیگێڕنەوە، چونکە ((ئەفسانە هێز و گوڕ و تایبەتمەندییەکانی ژیانی خەڵکە، پەیوەندییەکانی بەینی خەڵك و شێوازی لەیەکگیربوونیان یەکالا و شی دەکاتەوە، ئەفسانە لێکدەرەوەی هەستی قووڵی مرۆڤایەتییە و بە درێژایی چەندەها سەدە و چاخ بنیاتی سیاسی و ئابووری و کەلتووری کۆمەڵگەی لەناخی خۆییەوە پاراستووە))(دەروێشان، ٢٠٠٢: ١٨).

ئاشکرایە جۆرگەلێک بۆ ئەفسانە دەستنیشان کراوە، لە دیارترینیان: ((١- ئەفسانەیێن ئاوێردەیی (طقوسی). ٢-ئەفسانەیێن گەردوونی (کەونی). ٣-ئەفسانەیێن هۆدۆزی– شرۆڤەکاری (التعلیلی). ٤- ئەفسانەیێن دیرۆکی– مێژوویی. ٥- ئەفسانەیێن باژێرڤانی. ٦- ئەفسانەیێن جەڤەنگی (الرمزی). ٧- ئەفسانەیێن قارەمانێ ب خۆداوەندەکی. هەروەسا ب باوەرییا هندەك ڤەکۆلەران ئەفسانەیێن هەبوونێ و دووماهییا دونیایێ و سۆفیگەرییێ هەنە، زێدەباری ئەفسانەیێن ئافراندنێ و شەڕی و حەزژێکرنێ و سترانکی و یێن چاکا و گەلەکێن دی، دابەشکرنا ئەفسانەیان ل دویڤ جۆران، گەلەکان رێبازا جوگرافی – مێژوویی گرتییە بەر، کو ل دویڤ دەڤەران و پەیدابوونا رویدانان، وەکو دیرۆک شرۆڤەکرینە))(بادی، ٢٠٢٣: ١٢٩).

لەبارەی پێوەندی نێوان ئەفسانە و ئەدەبیشەوە بە گشتی، دکتۆر (نزال صالح) دەڵێت: ((ئەفسانە جۆرێکە لە جۆرەکانی چالاکی فیکری، ئەمە لەو ڕووەوە دەگاتە ئەدەب کە چالاکییەکی فیکرییە. هەروەها هەردوو لەیەك لایەنەوە دەگەنە یەك، ئەویش بەدیهێنانی هاوسەنگییە لە نێوان مرۆڤ و دەوروبەریدا)) (ئیبراهیم ٢٠١٥: ٧٤). مرۆڤ بۆ ئەوە پەنای بۆ بردووە، تا هەم هاوسەنگییە دەروونییەکە ڕابگرێت، هەمیش کۆمەڵایەتییەکە.

گرنگی بەکاربردنی ئەفسانەکان لە ئەدەبدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، (کە ئەفسانەکان وێنەیەکی هەستی درووست دەکەن، کە بەرهەمهێنی واتا و ڕەمزی ئەدەبیە. گرنگی ئەفسانە لەو ئامادەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ڕۆشنبیری گشتیدا هەیەتی و ڕەنگدانەوەی نواندنێکە لە نەستی گشتیدا، کەوا لە ئامادەبوونی دەکات دۆخێکی خەیاڵی و ویژدانی و دەلالەتی هێمایی پێ ببەخشێت، ئەم ئەفسانەییانەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بەپێی کولتوور و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن، زۆر جار ئامادەبوونی ئەم ئەفسانانە لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی شتێکی هاوبەش و پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاکان))(قادر، ٢٠١٠: ١١٢).

سەبارەت بە چیرۆکە ئەفسانییەکانیش کە بەشێکی گرنگ و بەرچاوی ئەدەبن، هاتووە ((چیرۆکی ئەفسانەیی بەرهەمی بیری ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە بە بیروبۆچوونی خۆیان شرۆڤەیان بۆ ژیان و ڕووداوە گەردوونییەکان کردووە، ئەم جۆرە حەکایەتە بریتییە لەو هەستە دەروونیانەی، کە ئادەمیزاد بە شێوەی بەسەرهات و چیرۆک نیگاری کێشاون، ترس و ئارەزووی خۆیانیان تیا دەربڕیوە، وەڵامێکیان بۆ خۆیان تیا دۆزیوەتەوە، لەم جۆرە چیرۆکەدا هەموو ئەو کەرەستە و گیاندارانەی کە هەن، بەرگێکی ئەفسانەیی دەپۆشن، کە عەقڵ قوبووڵی ناکات، لە کاتێکدا لە چیرۆکی ئەفسانەییدا ئاسایی دێنە بەرچاو)( أبراهیم، ١٩٨٣: ١٠).

ڕەخنەگری ئینگلیزی( والتەر ئالن_Walter Allen ) دەڵێت: لەم سەردەمەی ئێستاماندا چیرۆك لە هەموو هونەرەکانی تر کاریگەرترە، لە ڕوانگەی هۆشیاری ڕەوشتی، بیرەکانی، یان هونەرەکانی. هەر ئەمانەش وا لە خوێنەر دەکات کە بۆ جیهانە تایبەتییەکەی خۆی پەلکێشی بکات، جیهان لەپێش چاوی خۆش و ئاسان دەکات و دوای ئەوەی جارێکی تر ژیان لەچیرۆکەکانیدا دایدەڕێژێتەوە(جوف، ٢٠١٢: ٤٣).

ئاشکرایە چیرۆك زۆرکۆنە و لەکۆنەیشەوە بوونی هەبووە، کە بەشێوەی ئەفسانە و چیرۆکە میللی و خەیاڵییەکان گێڕدراونەتەوە، هەر بۆیە ((وشەی conteی فرەنسی و taleی ئینگلیزی کە هەموو ئەمانە بەواتای گێڕانەوەی سەرکێشییە کە لەسەر واقیع بنیات نەنراوە، بەڵکوو لەسەر خەیاڵ و ئەفسانە بنیاتنراوە، بۆیە چیرۆك تەنها ڕێگەیەکی دەربازبوونە بۆ گەیشتن بە خولیا پێگەیشتووەکان))(کنعان، ٢٠١٢: ٢١).

ئەفسانە و ئەفسانەکان لە سەردەم و شوێنە جیاوازەکانی دنیاشدا بەردەوام جێی بایەخ و قسەلەسەرکردنی دەروونناسان و توێژەرانی ئەم بوارە بووە. بۆ نموونە ناودارترینی ئەم بوارە، کە (سیگمۆند فرۆید)ە، هەوڵەکانی خۆی لە سەر ئەفسانە و چیرۆك و بەسەرهاتە کۆنەکان تۆخ دەکردەوە بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی دەروونی لەو ڕووداوانەدا، وەك لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی ئۆدیبی (سۆفۆکلیس)ی یۆنانی. ئەم هەوڵەی (فرۆید)، کە ئاوڕی دایەوە لە ئەفسانە و بەشێکی ئەدەبی گەلانی کۆن، خۆی لە خۆیدا بە سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانیی ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت، چونکە (فرۆید) لەم کارەیدا دەرگای لە سەر ئاوێزانبوون و ئاوێتەبوونی ئەدەب و دەروونناسی لەگەڵ یەکتردا کردەوە(عەبدوڵا، ٢٠١٣: ١٥).

زانای دەروونناسیی سویسرایی (کارڵ گۆستاف یۆنگ)یش، سەرەتا گرنگی بە توێژینەوەی زانستی ئەفسانە و ئاینەکان و هێما کۆنەکان و سرووتەکان و نەریتی گەلە سەرەتاییەکان و خەونەکان و نەخۆشییە دەمارییەکان و وڕێنەی نەخۆشە دەروونییەکان دا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی تێیدا (کەسێتیی تاکی بە بەرهەمێك و دەورییەك هەژمار کرد

مێژووی پێشینەی تێدایە، چونکە ئەفسانە و دابونەریتەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە، چۆن ڕەنگی قژ و چاوەکانی بۆ دەمێنێتەوە (بۆماوەیی)، ئاواش بیرۆکە پەتییەکان و هێماکانی بۆ دەمێنێتەوە، ئەمەشە کە یونگ زاراوەی (نەستی کۆمەڵ)ی لێ دەنێت، کە بە گەنجینەی بیرەوەرییە شاراوەکان هەژماری دەکات کە مرۆڤ بۆی ماوەتەوە لە ڕابردووی پیشینانی) (حسن، ٢٠١٠: ٥٢). لای یۆنگ کۆنەست پەیوەندییەکی تێکڕایی بە دابونەریت و فەرهەنگ و ئایین و تەوتەم و هێما کۆنەکانی هەموو گەلەوە هەیە، کە بە شێوەی جیاواز لە ژیانی ئێستایی کەسەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە. هەر خودی (یۆنگ) (هێما ئەفسانەییەکانی بە تاکە ئامرازی ئاسان بۆ مرۆڤ هەژمار کرد بۆ دەربڕینی واقیعێکی هەڵچوونی زۆر ئالۆز، هاوکات وەك ئامرازێکیش نیسانی دا بۆ چوونە ناو دڵی مرۆڤ)(عبدالنور، ١٩٨٤: ١٢٤).

وەک ئاشکرایە ئەفسانە بەشێکی ئەدەبی فۆلکلۆرە، سەبارەت بە دێرینی و پێشینەی ئەفسانە و پێوەندی بە فۆلکلۆرەوە، (د. مەریوان عومەر دەوڵەت) دەڵێت: ((ئەفسانە سەرەتاییترین بەشی فۆلکلۆرە، ئیرۆ ژی جهێکی باشی لە نێو تۆرەی میللەتاندا کردۆتەوە، واتا کۆنترین بەشی فۆلکلۆرە و بگرە زۆر زۆریش کۆنترە و لە هەموو ئاینەکانیش کۆنترە، چونکە ئەفسانە کاتێ سەری هەڵداوە، کە مرۆڤ سەرسام و بێدەسەڵات و بێ بەرسف ڕووبەڕووی بوویەرەکانی سرووشت ڕاوەستاوە و بە هیچ جۆرێک توانای ئەوەی نەبووە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمانە بەپێی بناغەیەکی زانستیانە لێک بداتەوە و خۆی لێ بپارێزێت))(دەوڵەت ٢٠٠٠: ٨٤).

ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا و بەتایبەتی ئەدەبی فۆلکلۆر، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، وەک (کەریم شارەزا) لەو بارەیەوە دەڵێت: ((ئەوەتا ئەدەبی فۆلکلۆریمان پڕە لە کەرەستە و ڕەمزی ئەفسانەیی، بەتایبەتی داستان و حەقایەتی گوێئاگردانی شەوانی زستانی کۆمەڵی کوردەواری کە دەماودەم پێمان گەیشتوون)) (شارەزا، ٢٠٠٥: ١٩). شاعیرانی کۆنیش ئەفسانەیان بەکار هێناوە، بەڵام (لە سەردەمی مەلای جزیری و حاجی قادری کۆییەوە گیانێکی نوێی تێگەڕاوە، تا بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٣٩-١٩٤٥، لە سەر دەستی شاعیری نوێکار گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) ئەمە هاتەدی لە نموونەی هۆنراوەی (دیاری خوای شەڕ)دا سەری هەڵدا و خۆی چەسپاند) (محەمەد، ٢٠١٦: ١٣١).

**تەوەری دووەم: گرنگترین ئارکیتایپەکانی کارڵ گۆستاف یۆنگ**

ئارکیتایپ لە وشەی یۆنانی(archetypos)ەوە وەرگیراوە، (Arche) لە چاوگی(archein)ەوە هاتووە، بە واتای سەرەتا و دەستپێکردن دێت، (typos) بە واتای قاڵب و نەقش یاخوود جێکەوتەکەیان دێت. ئەم وشەیە لە زمانی یۆنانیدا بە واتای یەکەمین مۆدێل یان نەخشەیەک دێت، کە شتێکی لێی دروست بکرێت(انوشه، ١٣٨١ ج، ٢: ٨١١).

ئارکیتایپەکان بە تەرزە سەرەتاییەکان و نەخشەی گشتگیریش ناودەبرێن (ئەم تەرزانە یاخود ئارکیتایپانە لە تێڕوانینی یۆنگ و یۆنگییەکاندا بە (دی ئێن ئەی)ی دەروونی مرۆڤ(سایک) لە قەڵەم دەدرین، بەشێوەیەک لە شێوەکان، جینەکانی گوێزانەوەی میرات و بەها کۆمەڵایەتی و ئاکاری و ڕۆحییەکانن. هەر بۆیە تەواوی مرۆڤەکان خەسڵەت و سیمای هاوبەش و لەیەکچوویان هەیە و تێیاندا هاوبەشن، لە پاڵ ئەو خەسڵەتە تایبەتییانەدا کە لە ڕەوتی ژیانی تاکانەی خۆیاندا بەدەستیان دێنن. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین خەسڵەتە جەستەییەکانمان لە ڕێگەی جینەکانەوە دەگوێزرێنەوە و خەسڵەتە دەروونییەکانیشمان لە تۆی نائاگایی دەستەجەمعییەوە بۆ نەوەکان دەگوێزرێنەوە. ئەم تەرزانە کۆمەڵێک بونیادی دەروونیی هاوبەشن لە نێوان مرۆڤەکاندا کە قابیلی ئەوەن بە بۆماوەیی بگوێزرێنەوە، کاریگەرییان لەسەر ئەزموونکردنی جیهان هەیە. ئەم تەرزانە زیاتر گریمانەیی و نادیارن، وەکو قاڵب وەهان و وێنەکان و هزرەکان و ڕەفتارەکان و هەژان و هەڵچوونەکان دەخەنەوە. ئەمانە هەیکەلییەتی سەرەتایی دەروونی مرۆڤن، سیستمی ئامادەن بۆ بەکار خستن)(یۆنگ، ٢٠٢٤: ٢٧).

کارڵ گۆستاف یۆنگ چەند ئارکیتایپێکی لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی دنیاوە هەڵهێنجاوە، لە دیارترینیان ئەمانەن:

**یەکەم: ئانیما و ئانیمۆس(Anima-Animus)**

یەکێک لە هەرە بەناوبانگترین تیۆرەکانی کارڵ گۆستاف یۆنگ، تیۆری ئارکیتایپەکانی (ئانیما و ئانیمۆس)ە، هەرچەندە ڕووبەڕووی ڕەخنەش بووەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە لای نووسەران و توێژەران و ئەکادیمیانێکی زۆرەوە باوەڕ پێکراوە. ئانیما و ئانیمۆس زیاتر باسێکە کە پەیوەندیی بە ڕەگەز و زایەندەوە هەیە.

یۆنگ خۆی نموونەیەکی دڵگیر دەهێنێتەوە دەربارەی چۆنێتی تاقیکردنەوەی ئانیما وەک کەسێکی ناوەکی لە دەروونی پیاودا، لە پیاوانی پزیشک و کاهین (شامان)ی هۆزەکانی ئەسکیمۆ و هۆزەکانی جەمسەری باکووردا دەیدۆزێتەوە. ئەوانە پۆشاکی ژنان دەپۆشن، یاخود وێنەی مەمک لەسەر کراسەکانیان دەکێشن تا لایەنە مێینەییە

ناوەکییەکانیـــان بنـــوێنن، ئەو لایەنەی بواریـــان بـــۆ دەرەخســـێنێت پەیوەنـــدی بە خـــاکی تارماییەکانەوە بکەن (واتە ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین نائاگایی)(یۆنگ، ٢٠٢٤: ٣٢٠).

گەلێک نموونە لە ئەدەبەوە هەن کە ئەنیمامان وەک نێوەندێک بۆ جیهانی ناوەوە پیشـــان دەدەن، لەوانە: هێپیرۆتۆماشـــیای فرانسیســـکۆ کۆلۆنـــا، کـــچەکەی ڕایـــدەرهاگارد، "مێیەی نەمر" لە شانۆنامەی فاوستی گۆتەدا. لە تێکستێکی سۆفیانەشدا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، ئەنیما سروشتی تایبەتی خۆی ئاوا ڕاڤە دەکات: من گوڵی کێڵگە و مێلاقەی دۆڵەکانم، من دایکی ئەڤینی جوانم، دایکی ترس و زانین و هیوای پیرۆزم... من نێوەندی سازێنەری توخمەکانم کە وا دەکات توخمەکان لەگەڵ یەکتریدا بسازێن، من گەرم سارد دەکەم و ساردیش گەرم، وشک شێدار و شێداریش وشک، ڕەق نەرم و نەرمیش ڕەق... من شەریعەتی پیاوی ئایین و وشەی پەیامبەر و ئامۆژگاریم دانا. من دەمرێنم و زیندوو دەکەمەوە، کەس لە چنگی من قوتار نابێت. (هەمان سەرچاوە: ٢٣٥)

ئانیما لە نووسینەکانی پێشووی کارڵ گۆستاڤ یۆنگدا، بەشێکی نەناسراو و نـاوەکی مـرۆڤ بـوو، کە لە پەیوەندیـدایە لەگەڵ نائاگاییـدا و بەراورد دەکرێـت لەگەڵ کەسایەتی، یان ئەو بەشە دەرەکییەی مرۆڤ، بەڵام لە نووسینەکانی دواتری یۆنگدا، بوو بە ئارکیتایپێک کە نوێنەرایەتی و گوزارشت لە تایبەتمەندییە مێینەییەکانی پیاو دەکات، یاخود ڕوونتر بڵێین لایەنی ژنانەی نائاگایی دەروونی پیاوە (VandenBos, 2015: 73).

سەبارەت بە ئانیمۆسیش، کە خودی یۆنگ بە پیاوەکەی ناوەوەش ناوبردە دەکات و دەڵێت: ((کەساندنی نێرانەی نائاگاییە لە ئافرەتدا (ئەنیمۆس) سیمای چاک و خراپیش نمایش دەکات، وەک چۆن ئەنیما لە پیاودا دەیکات، بەڵام ئەنیمۆس کەم جار لە شێوەی ئەندێشـــە حـــاڵەتێکی ئێرۆتیـــدا دەردەکەوێـــت، بەڵکـــو زیـــاتر ڕێـــی تێـــدەچێت شـــێوەی تاوانبارکردنێکی شاراوەی "پیرۆز" وەربگرێت. کاتێک بە دەنگێکی نێرانەی بەرز و دلێر گوزارشت لەو تاوانبارکردنە دەکات یان لە ڕێگەی دیمەنی سۆزییانەی توندوتیژەوە بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی نێرایەتییە شاراوەکەی ناخی ئافرەت دەناسرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو ئافرەتە بە ڕووکەش نەرمی و ناسکیی ئافرەتانەی زۆر تێدا بێت. دەشێت ئەنیمۆس هێزێکی لەبنەهاتووی هەبێت و قوتاربوون لە چنگی مەحاڵ بێت، چونکە جاری وا هەیە مرۆڤ خۆی لە بەردەمی شتێکی سەرسەختانە و کەللەڕەق و ڕامنەکراودا ببینێتەوە))(یۆنگ، ٢٠٢٤: ٣٤١).

(ئەفلاتون)(٤٢٧پ.ز-٣٤٨پ.ز) گەورە فەیلەسووفی یۆنانیش دەڵێت ((خودا لە سەرەتاوە مرۆڤی وەک گۆیەک دروست کرد کە هەردوو ڕەگەزەکەی (نێر و مێ)ی تێدا بوو، دواتر ئەم گۆیە کرا بە دوو کەرتەوە و ژن و پیاوی لێ خولقا، بۆیە دواتر هەر مرۆڤێک لە دونیادا

بە دوای نیوە ونبووەکەی خۆیدا دەگەڕێت، ئەمەش لە دۆخێکدایە کە نیوە ونبووەکەی هەر مرۆڤێک لەناو خۆیدایە و بێ ئاگا لەمە دەرەوەی خۆی دەپشکنێت))(سەرچاوەی پێشوو). ئەم تیرۆانینە بۆ درووستبوونی ژن و پیاو لە بەشێکی زۆری ئاینە ئاسمانی و زەوینییەکانیشدا دەبینرێن.

بە گشتی لەبارەی ئەم دوو چەمکەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە یۆنگ باوەڕی وایە هەموو نێرێک مێیەکی لە نەستیدا هەڵگرتووە و حەشارداوە و هەروەها هەموو مێیەکیش نێرێکی لەنەستیدا هەڵگرتووە، کە لە هەست و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و ئارەزووەکانیدا تاوناتاوێک دێتە سەرەوە و خۆی بەیان دەکات. ئەم دەرئەنجامەش بە وردبونەوە و توێژینەوە لە ڕەفتاری هەردوولا و نەست و هاوکاتیش لە چیرۆک و حیکایەتە ئەفسانەییەکانی گەلانی دنیاوە، بەدەستی هێناوە.

**دووەم: پیری دانا-حەکیم (Sage)**

یەکێکی ترە لە باوترین ئارکیتایپەکان، یۆنگ بەم شێوەیە دەیناسێنێت: ((پیری دانا لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا لە شێوەی حەکیم و قەشە و مامۆستا و باوک و باپیرە و ... هتد دایە. ئەم ئارکیتایپە وەک وێنەیەکی ئایدیاڵی و باڵا هەمیشە بڕیاردەر و ئامۆژگاریکار و نهێنیدۆزەرەوەیە پیشان دەدرێت، یاخود تەکنیک و چارەسەر و پێشنیاز و وەڵامی نوێی پێیە بۆ کێشەکان و پێشهاتەکان))(یونگ، ١٣٦٨: ١٤).

هەر خودی یۆنگ پیری دانا یان حەکیم کە بە (ڕۆح)یش ناوی دەبات، کە بە شێوەیەکی نەرمونیان لە خەون و خەیاڵ و ئاگاییشدا دەردەکەوێت، کاتێک دەردەکەوێت کە پاڵەوانەکە لە دۆخێکی سەخت و چارەسەرنەکراودا بێت و نزیک لە نەهامەتی و مەرگ بێت و خۆی توانا و دەرەقەتی ئەو دۆخە نەیەت.

**سێیەم: پێرسۆنا- دەمامک- ماسک (Persona)**

پێرسۆنا، وشەیەکی لاتینییە و واتای دەمامك دەگەیەنێت. لەسەردەمی یۆنانییەکان، شانۆکارە یۆنانییەکان بۆ شاردنەوەی ڕووخساری خۆیان لەسەر شانۆ، بەکاریان دەهێنا، بەڵام لە دواتردا کارل گۆستاڤ یۆنگ ١٨٧٥ -١٩٦١(Carl Gustav Jung) ، ئەم تێگەیەی بۆ کارە دەروونشیکارییەکانی خۆی بەکارهێنا. (پێرسۆنا نوێنەری شۆرەتی گشتیی تاکە لە بەردەمی کۆمەڵگەدا. وشەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە وشەی کەس و کەسێتی (پێرسن، پێرسناڵیتی)یەوە هەیە. پێرسۆنا دەمامکێکە پیشانی کۆمەڵگە و جیهانی دەرەکی دەدەیت و لەوێوە بەر ئەو جیهانە دەکەویت. ئەم تەرزە سەرەتاییە لە ساتە وەختی کامڵبوون و پێگەیشتنی کەسێتیماندا دەبێت بە بەشێک لە پێکهاتەی دەروونیمان و لەگەڵماندا دەمێنێتەوە(یۆنگ، ٢٠٢٤: ٣٢).

یۆنگ بە سوودوەرگرتن لەم تێگەیە، هەوڵی ئەوە دەدات، شیکاریی بۆ ئەو کەسانە بکات، کە ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆیانیان پێدەشارنەوە و خۆیان بە شێوەیەکی دی دەردەخەن و بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ کەسانی تر لە کۆمەڵگەدا. ئەم تێگەیە ((واتای شاردنەوەی ڕاستییەتی خودە و داپۆشینییەتی بە هەندێ ڕەفتار و جووڵە، کە جێگەی ڕەزامەندی ئەو کەسانە بێت، کە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن. ڕەفتارنواندنی دەمامکئاسا، لە کاتی قۆناغی کامڵیدا دەبێتە بەشێکی گرنگ لە کەسایەتیی دەروونی مرۆڤدا و لەگەڵیدا دەمێنێتەوە(عزیز، ٢٠١٠: ١٩٣). ئەم دەمامکپۆشینە زۆرجار بۆ ئەوە دەیکات، تاوەکو لە ناو کۆمەڵگادا قبوڵکراو و خۆشویستراو بێت.

**چوارەم: خود (Self)**

گرنگترین ئارکیتایپە و ئەو فاکتەرەیە کە خودئاگاییمان پێکدەهێنێت و گوزارشت لە ناسنامە و کەسایەتیمان دەکات. ئەرکی سەرەکیی نیشاندانی واقیعی مرۆڤ و پاراستنی هاوسەنگیی دەروونیەتی. بۆ ئەوەیە زۆرترین چێژ لەشتێک وەربگرین و کەمترین ئازار بەدەست کێشەیەکەوە بچێژین. هاوکات یارمەتی کارکردن و ژیانکردنی کاریگەرانەی مرۆڤەکان دەدات لە کۆمەڵگادا.

لە بارەی ئەم ئارکیتایپەوە هاتووە، کە دوو لایەن لە خۆ دەگرێت ((نەرێنی و ئەرێنی، مرۆڤ بۆئەوەی جیهانێکی پڕ لە کارامەیی هەبێت، دەبێت منێکی بەهێز و کاریگەر بۆ خودی خۆی دروستبکات، منێکی بەهێز دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان خودئاگا و ناخودئاگای کەسێتییەکانی مرۆڤدا دابنێت و یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەر لە کۆمەڵگادا بەرجەستە بکات. لە لایەکیترەوە منی درۆزن کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەسایەتیی و شوناسێکی خۆسەپێن و ناتەبا لە کەسانێکدا، کە پێیان وایە لەوانیتر باشترن یان وێنەیەکی خودایی بۆ خۆیان درووست دەکەن))(اسنودن، ١٣٩٢: ١٢٧).

یۆنگ جەختی کردووە لەوەی تاکە ڕێسکی ڕاستەقینە بۆ هەموو تاکێک مابێتەوە دۆزینەوەی ئاگایی خۆیەتی. ئامانجی کۆتایی گەڕانێکی لەم جۆرەش دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ و هارمۆنییە لەگەڵ دەروونەدا. ((لە ڕاستیدا کاتێک مرۆڤ ڕاستگۆیانە ئاوڕ لە جیهانی ناوەوەی خۆی دەداتەوە و هەوڵ دەدات خۆی بناسێت، نەک جوینەوەی هزرەکانی و هەست و سۆزە خودییەکانی، بەڵکو شوێنی ئەو شکڵانە بکەوێت کە تێیاندا سروشتە بابەتییە تایبەتییەکەی دەردەکەوێت، وەک خەون و ئەندێشە، ئیتر زوو بێت یان درەنگ خودی هەمەک دەردەکەوێت. واتە ئەوکاتە من هێزی ناوەکی خۆی دەبینێتەوە هەموو شیمانەکانی نوێبوونەوەی تێدایە))(یۆنگ، ٢٠٢٤: ٣٧٧).

بەکورتی پیشاندانی هەبوونیی یەکێتییەکی خودێتیی مرۆڤە لەم ئارکیتایپەدا، لای یۆنگ و بە تایبەتی لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە بڵێت مرۆڤ لە خودی خۆیدا پشتگیری مرۆڤە باشەکان و کارە باشەکان دەکات و مرۆڤ و کارە خراپەکان دەبێزێنێت، وەک ئەوەی لە چیرۆکی میللەتاندا هاتووە و بەرجەستە بووە.

**پێنجەم: سێبەر (Shadow)**

ئارکیتایپی سێبەر ئەو ڕەمەکانە لە خۆ دەگرێت کە مرۆڤ لە ماوەی پەرەسەندنی سروشتی خۆی، لەو جۆرە ئاژەڵە لە خۆنزمترەکانی بە دەستی هێناوە و بۆی ماوەتەوە، لەبەر ئەمە  سێبەر تایبەتمەندییەکانی ئاژەڵێتیی مرۆڤ پیشان دەدات.

لەناو سیستمەکەی یۆنگدا جێگەیەک بۆ سێکس و ڕەمەکەکانی ژیان هەیە، ئەوانیش تەرزی سەرەتایی خۆیانیان هەیە، ئەو تەرزەی ناوی ناوە سێبەر. ئەم تەرزە لە ڕابوردووی نامرۆییمانەوە (واتە ئاژەڵیمانەوە) هاتووە و بۆ ئێستامان درێژ بووەتەوە. دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاخانەی کە بایەخی سەرەکیمان بریتی بوو لە مانەوە و پاراستنی وەچە، ئەو کاتەی هیچ خودئاگاییەکمان نەبوو. سێبەر بریتییە لە لایەنی تاریکی من. لە راستیدا سێبەر سیمایەکی لەئاکاربەدەری هەیە، واتە نە چاکە و نە خراپ، ڕێک وەک چۆن ڕەفتاری گیانەوەرەکانی دیکە ئاکاریی نییە، لە هەمان کاتیشدا ناتوانین پێی بڵێین نائاکارییە. گیانەوەرەکانی دیکە بێچووەکانیان پەروەردە دەکەن و بێڕەحمانەش یەکتری تێک دەشکێنن، بەڵام هەرگیز لە گۆشەیەکی ئاکارییەوە ئەو کارانە ناکەن. سێبەریش تەرزێکی لەم بابەتەیە، دەتوانرێت بە پاشماوەی بوونی پێشووتری ئاژەڵییانەمان لەقەڵەم بدرێت(یۆنگ، ٢٠٢٤: ٣٢).

هەر لەبارەی سێبەرەوە هاتووە، کاتێک مرۆڤ هەوڵ دەدات سێبەری خۆی ببینێت، ئەوە هۆشیار دەبێت (زۆر جاریش شەرمەزار دەبێت) بەرامبەری ئەو سیفەت و پاڵنەرانەی نکۆڵی دەکات لەوەی لە دەروونیدا هەبن، ((بەڵام دەتوانێت بە ئاسانی لای خەڵکی تر بیاندۆزێتەوە، وەک خۆپەرستی، گێلی، نامەردی، وەهمە ساختەکان، ئۆینبازی، پیلانگێڕی، کەمتەرخەمی، ترسنۆکی، بەرچاوتەنگی و چڵێسی بۆ سامان و موڵک و ماڵ، واتە بە کورتی هەموو ئەو گوناهە بچووکانەی کە ڕەنگە لە دڵی خۆیدا گوتبێتی(هەمان سەرچاوە: ٣٠٥).

**شەشەم: پاڵەوان-قارەمان (Hero)**

ئارکیتایپی پاڵەوان لە دەروونشیکاری یۆنگدا نەخشێکی گشتگیری باڵا و ئایدیاڵی مرۆڤ دەکات لە دەروونی مرۆڤدا، کە چەندین تایبەتمەندی مرۆڤێکی بەهێزی تێدا کۆبووەتەوە، وەک بوێری و ئازایەتی و ویستی گۆڕینی جیهان و خودسەلماندن و قوربانیدان و زۆرجاران هێزی سەرووسرووشتی و ...هتد.

پـاڵەوان و کـاری پاڵەوانـانە بە درێژایـی مێـژووی مرۆڤـایەتی بە قۆنـاغی جیـاوازدا گوزەری کردووە و ((لە هەر قۆناغێکیشدا فۆرم و مانای تایبەت بەخۆی پێدراوە. چونکە بە شێکی ژیانی مرۆڤ بە مەترسی ئاڵێنگاری ڕێگوزەری کردووە، بە گوێرەی وەستانەوە لە ڕووی ئەم ئاڵێننگارییانە کاریگەریی تاکی قارەمان و ڕۆڵی لە نێو جووڵەی مێژوودا بە دیار کەوتووە، ئەوەش بابەتێکی کۆنە و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ نێو ڕۆژگارە دێرینەکانی مێژوو. کۆنترین لێکدانەوەکانی ڕووداوی مێژووییە کە مرۆڤایەتی ناسیبێتی، بە مانای ئەوەی ئەوە کار و کردەوەی مرۆڤە مەزنەکانە بووەتە هۆی دروستکردنی ڕووداو و گۆڕان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا)) (علی، ٢٠١٨: ٢٢٨).

ئارکیتایپی پاڵەوان لە ئاستە دەروونییەکەیدا، مەبەستگەلێک لە خۆی دەگرێت، وا دەکات مرۆڤەکانی تر هان بدات کە سەرکێشی و سەفەر بکەن، خەبات بکەن لە پێناو ئامانجەکانی خۆی و ئامانجەکانی مرۆڤایەتیدا، هۆشیاری و نائاگایی مرۆڤ یەک دەخات، وا دەکات ببینە پێشەنگ بۆ ئەوانی تر. هاوکاتیش ئەو وزە و هێز و توانا ناوکییانەی مرۆڤیش بێتە دەرەوە و بەرجەستە بکرێن.

## بەشی دووەم: ئەفسانەی کوردیی شاماران لە ڕوانگەی ئارکیتایپەکانی کارڵ گۆستاف یۆنگەوە

لەم بەشەدا توێژینەوەکە بەپێی ئەو ئارکیتایپانەی یۆنگ کە لە تەوەری دووەمی بەشی یەکەمدا باس کران، بەهەمان زنجیرە چیرۆکی ئەفسانەیی شاماران لێکدەداتەوە، کە تا چەند ئەو ئارکیتایپانە ئامادەییان هەیە، وا یۆنگ بۆ چیرۆکە ئەفسانەییە جیهانییەکانی ڕەنگڕێژ کردووە:

### یەکەم: شاماران و ئارکیتایپەکانی ئانیما و ئانیمۆس

دەرکەوتنی ئەم دوو ئارکیتایپە (ئانیما: تێڕوانین و کەسایەتی و ڕووی پیاوانە لە ژندا. ئانیمۆس: تێڕوانین و کەسایەتی و ڕووی ژنانە لە پیاودا)، کە یۆنگ ئاماژەی پێ کردوون لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی دنیادا، لە چیرۆکە ئەفسانەییەکەی شاماراندا بەزەقی و لە زۆر جێگەدا دیارە.

بە بڕوای یۆنگ ئەوەی کە ئانیمۆس و ڕۆحی ژنانە لە پیاودا دروست دەکات و دەردەکەوێت، لەگەڵداژیان و خۆشەویستی و گەڕانەوەیە بۆ دایک، (دایک هەمیشە کاریگەری لەسەر منداڵی کوڕ درووست دەکات و لە هەناویدا ڕۆحە ئانیمۆسییەکەی پەروەردە دەکات و دەچەسپێنێت، وەک چۆن باوک ڕۆحە ئانیماییەکی لە کچدا پەروەردە دەکات)(یۆنگ، ٢٠٢٤: ٣٤١)، ئەم ئارکیتایپە دەقاودەق ڕۆحە ئانیمۆسییەکە لای جاماسپ لە شاماراندا دەبینرێت و ڕەنگی داوەتەوە، کە هۆگری دایکییەتی و وەک لە دەقەکەدا

هاتووە: ((**چواردە ساڵ بەسەر هاوژینی جاماسپ و شاماران تێپەڕین، هەر ڕۆژێک تێدەپەڕی، جاماسپ پتر بیری ژیانی خۆی لەسەر زەوی و دایکی دەکردەوە. دەیویست بزانێت دایکی ماوە، یان مردووە؟ ئەو بە ژیانی خۆی لەگەڵ شاماران زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام وڵات و دایکی هەمیشە لە بیر بوو**))(ئەفسانەی شاماران، ٢٠٢١: ٦٤).

جێکەوتێکی تریی ئەم دوو ئارکیتایپە لای ژن و پیاو، کە یۆنگ لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی جیهاندا ناساندوویەتی خاوەنداریێتیکردن و نزیکبوونەوەی ژن و پیاوە لە یەکتری، بەهۆی بوونی خاڵی هاوبەشی هەردووکیان، کە هەمیشە لە چیرۆکەکاندا ئەو خۆشەویستی و نزیکبوونەوە و تێکەڵاوییە ڕوودەدات، کە لەم ئەفسانەیەی کورددا لە نێوان شاماران و جاماسپدایە، وەک چۆن لەم ڕووەوە یۆنگ دەڵێت: ((خاوەنداریێتیکردن کە بەهۆی هەبوونی ئانیما یان ئانیموسەوە دروست دەبێت، وێنەیەکی جیاواز و گۆڕاو دەخەنە ڕوو لە کەسایەتیدا، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەم گۆڕانکارییە لە کەسایەتیدا ئەولەویەت دەدات بەو سیفەتانەی کە لە ڕەگەزی بەرامبەردا هەن. لە حاڵەتی خاوەنداریێتیدا، ئەو دوو کارەکتەرە سۆز و بەهای خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەدەست دەدەن؛ تەنها کاتێک دەیانهێڵێتەوە لەو بەرگ و قاڵبەدا کە لە جیهان دوور بێت، یان لە حاڵەتێکی خۆگۆڕیندا بێت، ئەو خۆگۆڕین و لە جیهان-دووربوونە دەبنە پردێک کە خزمەت بە نائاگاییمان دەکەن))(jung,2010: 64).

خاڵێکی تری جەوهەری ئەم دەرکەوتەیە لە شاماراندا، ئاڵوگۆڕی دەستوور و دابونەریتی بووک و زاوایە، ئاشکرایە لە زۆرێک لە کولتوورەکانی دنیا و ڕۆژهەڵات بەگشتی و کولتووری کوردیدا بەتایبەتی، بووک دەچێت بۆ ماڵی زاوا و لەگەڵ یان نزیک ماڵە خەزوورانیدا دەژێت، لە کاتێکدا لەم چیرۆکەدا بەهۆی بوونی دەرکەوتە ئانیمۆسییەکەوە لای جاماسپ و ڕۆحە ئانیماییەکەی شامارانەوە لە ئەفسانەکەدا، بەپێچەوانەوە زاوا(جاماسپ) دەچێت بۆ وڵاتی بووک و خۆشەویستەکەی و پرۆسەکە جێگۆڕکێی پێ دەکرێت. وەک لە دەقەکەدا هاتووە، کە جاماسپ داوا لە شاماران دەکات، کە ڕێگەی بدات بگەڕێتەوە بۆ ماڵ و نێو خانەوادەکەی، چونکە بیریان دەکات، لە کاتێکدا لە داب و عاداتە گشتییەکەدا ئەو داواکارییە هیی بووکە، تێیدا هاتووە: ((**ڕۆژێک جاماسپ خەمی دڵی خۆی کردەوە و بە شامارانی وت: جوانەکەی من، وەک تۆش دەزانیت، ماوەیەکە بیری ماڵەوە دەکەم، بیری دایکم دەکەم. هەروەها پەرۆشی باری کۆمەڵگەکەمم. نازانم دایکم ماوە، یان مردووە؟ دەمەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بزانم، بۆیە هیوادارم تۆ ڕێگەم بدەیت بگەڕێمەوە**))(ئەفسانەی شاماران، ٢٠٢١: ٦٥).

دەرکەوتە و ڕەنگدانەوەیەکی تری نەست و کەسایەتی و پیاوێتیی ئانیمایی لای شابانووی ماران، بوونیەتی بە پاشا و دەسەڵاتدار و بڕیاربەدەست لە مەملەکەتی مارەکاندا و هاوکاتیش چاونەترسی و ڕووبەڕووبەنەوەی کۆتوبەندی کۆمەڵایەتیی نەریتە کۆنەکان و بیرکردنەوەیەکی لۆژیکیی ڕووت. وەک ئاماژەی پێدرا بە بڕوای کارڵ گۆستاڤ یۆنگ پیاوێتی لای پەیوەستە بە بیرکردنەوەیەکی عاقڵانە و لۆجیک و ئامانجدارەوە و بڕیاردانەوە. ژنێتیش بە ئیرۆس و جوانییەوە. لەسەرتەختدانیشتنی شامارانیش کە پاشا و دەسەڵاتدار و خودان وەزیرە و کەسێتیی ئانیمایی تێدایە، بەم شێوەیە لە ئەفسانەکەدا وەسف دەکرێت: **((جاماسپ چووە هەیوانی گەورە و نەخشینی کۆشکەکە. لە دوورەوە نیو مار و مرۆڤێکی دیت، لەسەر تەختێکی زێڕین دانیشتبوو، ڕوو بە پێکەنین، چاوەڕێی نزیکبوونەوەی جاماسپی دەکرد. جاماسپ بەمە سەرسامتر بوو، چونکە ئەو مارەی لەسەر تەختەکە بوو، لە هەموو مارەکانی تر جیاوازتر بوو، سەرێکی جوانی مرۆڤانەی هەبوو، لەشی لەشی ماران بوو و سەریشی هیی مرۆڤان بوو، سەری کچێکی شۆخ... ئەو شابانووی ماران (شاماران) بوو، دەسەڵاتداری ژێرزەوی))**(ئەفسانەی شاماران، ٢٠٢١: ٥٩).

لە بەشێکی زۆری کولتوور و نەریت و فۆلکلۆری دێرینی کوردیدا، ژن فیگەرێکی بەهێزە، هەربۆیە کاریگەری ئانیما زیاتر دەرکەوتووە. ئەدەبیش خۆی توانیویەتی ڕەنگدانەوەی ئەم ئارکیتایپانە بێت لە ناو کورددا و دەروونی تاکی کورد و چیرۆکبێژانیدا.

سەبارەت بە ڕۆحە ژنانەکەی ناو پیاویش(ئانیمۆس) بەگشتی زۆرجاران دەوترێت کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی، توخمی پیاوسالاریی تێدا بەهێزترە. هۆکاری دەرکەوتنی ئانیمۆسیش لای پیاوان لە دەروونناسیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاڕادەیەک پیاوان لاوازن لە دەربڕینی سۆزداری و کێشە سۆزدارییەکاندا، بۆیە ئەو ڕۆحە کپکراو و ژنانەیان لە ڕێگەی چیرۆکەکانیانەوە دەرکەوتووە.

**دووەم: شاماران و ئارکیتایپی پیری دانا (حەکیم)**

وەک نزیکەی هەموو چیرۆک و حیکایەتە ئەفسانەییەکان، شامارانیش پیرێکی دانا و زانا و ژیری تێدا دەبینرێت کە باوکی پاڵەوانەکەیە و ناوی (زریال)ی حەکیمە، (sage-حەکیم)کە کارڵ گۆستاڤ یۆنگ وەک یەکێک لە ئارکیتایپ و نەخشە هاوبەشەکانی نێو چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەستنیشانی کردووە.

هەر لەسەرەتای دەقی شاماراندا بەم شێوەیە و کتومت وەسفەکەی یۆنگە، کە لە چیرۆکەکەدا هاتووە((**هەبوو نەبوو، لە شارستانێتیی خۆرهەڵاتدا، مرۆڤێک هەبوو، ناوی**

**(زریـال) بـوو. مرۆڤێکـی ژیـر، دانـا و شـارەزا بـوو. زانـایەکی گەورەی سـەردەمی خـۆی بوو**))(شاماران، ٢٠٢١: ٤٩).

دەبینین ئەم ئارکیتایپە لە نەستی کۆی میللەتی کوردیشدا وەک هەر کۆمەڵ و میللەتێکی تر، جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە تێگەیشتن و ژیری ڕاستەقینە لە ئەزمـوون و ژیـانکردنی زیـادەوە سـەرچاوە دەگرێـت. چیـرۆکە ئەفسـانەییەکانمان خـۆی لەم ئارکیتایپە نەبواردووە و ڕەنگرێژ بووە لە ئەدەبەکەماندا.

وەک ئاماهەی پێدرا یەکێکی تر لەو تایبەتمەندییانەی کە یۆنگ بۆ حەکیمی دیـاری کـردووە، حەکـیم ڕێنیشـاندەر و ڕێـگەدۆزی چارەسـەرە، کە ئەمەش لە شـاماراندا بە ئاشــکرا دیــارە و لە چیــرۆکەکەدا وەک ڕێنیشــاندەری جاماســپی کــوڕی دەبینرێــت لەباسکردنی دۆزینەوەی وڵاتی شاماران لە ڕێگەی بیرێکەوە و تێیدا نووسراوە: ((**کتێبی باوکی هاتەوە بیر، باوکی لە کتێبەکەیدا باسی ڕێگەیەکی کردبوو، کە دەچووە وڵاتی بن زەوی و دەیوت: لە بنی بیرێکەوە بۆی دەچی**)) (شاماران، ٢٠٢١: ٥٣).

کەواتە بە گشــتی ئەدگارەکــانی حەکــیم لە شــاماراندا ئەوەیە کەخــاوەن حیکمەت و پاراستنی زانیـاری و نهێنـی و ئامـاژەدانە بە نیشـانە و سـیمبۆڵەکان و پـارێزەر و هۆشــیاریکەرەوەی هاوســەنگی و ڕێــزی سرووشــت(مرۆڤ و گیــانلەبەران) و هاوســەنگی کەسـێتیی مـرۆڤ و پێـدەری زانیـارییە بە نەوەی دوای خـۆی، ئەم تایبەتمەنـدیانە شـاماران دەکەنە نموونەیەکی بەرچاوی ئارکیتایپی پیری دانا و زانا لە کولتوور و فۆلکلۆر و نەستی کوردیدا.

**سێیەم: شاماران و ئارکیتایپی پێرسۆنا (دەمامک-ماسک):**

پێرسۆنا لە دەروونناسی یۆنگیدا، ئەو دەمـامکە کۆمەڵایەتییە کە تـاک پیشـانی جیهـانی دەرەوەی دەدات. زۆرجـار ئەم جـۆرە لە کەسـایەتیی و دەمامکـدارییە وا تاکەکـان بە جۆرێـک ڕەفتـار دەکەن، کە لەلایەن کـۆمەڵ و کەسـانی دیـکەوە قووبـوڵ بکـرێن یـان بەهایـان پێبـدرێت، لە کاتێکـدا خـودە ڕاسـتەقینەکەی خۆیـان نـین، کە ئەگەر زۆر بەردەوام بـوو ئەوا کەســایەتییە دەمامکــدارەکە هەســت بە بۆشــایی دەروونــی یــان نارەســەنایەتی دەکات(Jung, 1961: 296).

لە چیرۆکی شاماراندا، ئەم جۆرە لە کەسایەتییە دەمامکدارە و نهێنیهەڵگرە، لای زۆرێک لە کارەکتەرەکان دەبینرێت، بۆ نموونە لە خودی شامارانی شابانوو و جاماسپدا، بە ئاشـکرا دەردەکەوێـت ئەوکـاتەی کە هەردووکیـان ڕێـک دەکەون و ئاکـت دەکەن کە شاماران ئاگای لە ڕۆیشتنی جاماسپ نییە و جاماسپیش لە نێو کۆمەڵگەکەیدا بەئاشکرا نەڵێـت کە لەوێـوە هـاتووەتەوە و وڵاتـی مـارانی بینیـوە و وەک نهێنییـیەک بمێنێـتەوە، لە

چیرۆکەکەد هاتووە بە تایبەتیی ئەو وەختەی شاماران بە جاماسپ دەڵێت: ((**فەرموو برۆ، بە کەس ناڵێم تۆ رۆیشتوویت، بەڵام هەرگیز من لە بیر مەکە، کاتێ دەگەیە سەر رووی زەوی، ئاگاداری خۆت بە، لەشی خۆت پیشانی کەس نەدەیت، چونکە هەرکەسێک منی دیبێت و لێرە مابێتەوە، لەسەر زەوی لەشی پنک پنک دەبێت. ئەمە نیشانەی ئەم شتەیە، کە ئەو کەسە رێی وڵاتی شاماران لە بن زەویدا پێدەزانێت**))(شاماران، ٢٠٢١: ٦٥).

لە ئەفسانەکەدا برادەرە نزیکەکەی جاماسپ کەسێتییەکی تری دەمامکدارێکی نەرێنییە و تەنها هاوڕێیەکی بەرژەوەندیخواز بووە و خۆی وەک هاوڕێی گیانی بەگیانی و جێمتمانەی جاماسپ پیشانداوە، کەچی بەو شێوەیە نەبوو کە جاماسپ چاوڕێی دەکرد و گرنگترین نهێنی ئەوکاتی ژیانی پێ دەڵێت، وەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە ((**برادەرەکەی زوو مەشکە هەنگوینەکەی ڕاکێشایە سەرەوە. پاشی ئەو گوریسەی کە دەبوایە جاماسپی پێ سەربخاتە سەرەوە، هاویشتییە نێو بیرەکە و بەرەو گوند رۆیشت، چووە ماڵەوە. ئەو برادەرەی جاماسپ زۆر متمانەی پێ بوو، ئەم بێ بەختییەی لێ کرد. جاماسپ بە تەنیا لە بنی بیرەکەدا مابووەوە**))(شاماران، ٢٠٢١: ٥٥).

ئەوەی جێێ ئاماژەیە نەک لە خودی چیرۆکەکەدا، بەڵکوو بە ڕوانین لە ناوەرۆک و مەغزای چیرۆکەکەش پێرسۆنا و بابەتگەلێکی ناڕاستەوخۆش دەبینرێت، کە کەسێک نوێنەرایەتیی بابەت و شتێک دەکات لە خودی چیرۆکی ئەفسانەیی شاماراندا، کە دەتوانین توانای تاکی کوردی پێ بخوێنینەوە لە رێگەیەوە کە بە شێوەی نهێنی و ڕەمز و درکەوە دەری بڕیوە لە چیرۆکەکانیدا، تا زیاتر کاریگەریی دەروونی دابنێت لە سەر گوێگر، بۆ نموونە خودی شاماران ژیری و دانایی و خۆشەویستی پاک دەنوێنێت، جامسپیش ئاماژە و تیلنیگایە بۆ پیاوی دڵسۆز و وەفادار لە چیرۆکەکەدا، هاوڕێکەشی نوێنەری مرۆڤی بێمتمانە و ئەمانەتنەپارێزە، هەرچەندە لە خودی چیرۆکەکەدا بەم ئاشکراییە نەهاتوون.

**چوارەم: شاماران و ئارکیتایپی خود**

خود هەبوونی ڕاگرتنی هاوسەنگییەکە لە تێگەیشتنی ناسنامەی مرۆڤ و بوون بە مرۆڤ تایبەتمەندێتییەکانی، لە ڕێگەیەوە هەستێکی بەهێز و ئاسوودەیی و دەروونداروستی و گەشەکردنی کەسێتی لە ژیاندا دەستدەکەوێت. ڕوونتر بڵێین مرۆڤ بە سرووشت پاڵپشتی چاکە و ڕێز و متمانە دەکات و خراپە و خیانەت و پاشقوللێدان دەبێزێنێت. مرۆڤ خۆشەویستی دەکات، ڕۆحی هاوکاری تێدایە، بەبەزەییە بۆ مرۆڤ و سرووشت و گیانداران، کە ئەمانەش بەتایبەتی لە گێڕانەوە و چیرۆک و حیکایەتەکانیدا دەمەزرێنێت و ئامانج و مەبەستی یەکەمینیشیەتی لە چیرۆکسازی و ئەفسانەسازیدا.

له کۆی گشتی چیرۆکی شاماراندا ئەم تێما و بابەتە خودییە مرۆڤینیانە دەبینرێت کە چیرۆکەکەی لەسەر بنیات نراوە، کە یۆنگ وەک خودی بەهێز و بێهێزی مرۆڤ پیشانی دەدات و لای کەسێتی و مرۆڤی میللەتانی دنیا ئامادەگی هەیە، هاوکات لە خود و کەسیتی مرۆڤی کورد و چیرۆکە فۆلکلۆری و کۆنینەکانیشیدا دەبینرێت، کە خاوەن ئاوەز و ئارەزوو و هەست و نەستێکی تەواو مرۆڤینی و جیهانییە بە هەردوو بارەکەیدا.

بە ڕوانین لە ئەفسانەی شاماران، بەگشتی ئەو دەبینرێت کە بە دەوری تەوەر و تێماکانی خۆشەویستی و قوربانیدان و سرووشتی مرۆڤ و وەفا و چاکە و حیکمەت و خیانەت و ئارەزووەکانیدا، دەسوڕێتەوە

لە بارەی خۆشەویستی و قوربانیدانەوە، ئەوە ئاشکرایە کە چیرۆکەکە پەیوەندییەکی قووڵی ڕۆمانسی و کوردانەی تێدایە، بەوەی خۆشەویستی هەم هێزی گەورە دەبەخشێتە مرۆڤ و هەمیش پێویستە مرۆڤ قوربانی گەورەی پێ بدات.

تێڕوانینێکی ئارکیتایپی خودیی تاکی کورد تێڕوانینێتی بۆ ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگەدا و ڕێزنواندنێتی بۆی. هەر بۆیە ئەفسانەکە شاماران خاتوون وەک کەسایەتییەکی بەهێز و دەسەڵاتدار و ڕابەر نیشان دەدات، کە ژنیش دەتوانێت سنوور و چاوەڕوانییەکان تێپەڕێنێت و زۆر شتی گەورە و گرانی لەدەست بێت. نەک هەر لە ناو کورددا بگرە ( گەلانی سۆمەری و بابلی و گەلانی تری دانیشتوانی میزۆپۆتامیا، ئافرەت بە سەرچاوەی بوون دەزانن و دەڵێن ژیان لە ئافرەتەوە دەستی پێکردووە. بە بڕوای ئەوان یەکەمین ئاوی گەردوون خواوەندێکی مێینە بووە، پێیان دەگوت -نەمۆ- یان دەریای یەکەم، لە — نەمۆ-وە خواوەندی نێرینەی-ئانۆ- واتا خواوەندی ئاسمان و خواوەندی-کی- مێینە واتا خواوەندی زەوی، لە دایک بووە) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٧: ٩).

ئەزموونێکی تری هاوبەشی چیرۆکی شاماران لەگەڵ هاوبەشێتیی ئەو خودێتییەی کە یۆنگ وەک ئارکیتایپێکی گرنگ ئاماژەی پێدەکات لای میللەتان، بریتییە لەوەی کە مرۆڤایەتی بە زۆری فۆرمێک لە چیرۆکی سازکردووە کە منداڵی خێزانێکی هەژار و نەدار لە داهاتوویدا دەکەوێتە نێو باوەشی خیزانێکی دەوڵەمەند و داراوە، وەک چیرۆکی پێغەمبەر مووسا لە ماڵ فیرعەون و پێغەمبەر یوسف لە ماڵ و خانەوادەی عەزیزی میسردا و جاماسپی کوڕە هەژار لە ماڵ شابانووی شامارانی پاشا و دەسەڵاتداردا.

بەگشتی ئەفسانە و چیرۆکی شاماران وەکو تابلۆیەکی ڕەنگین و زەنگینی بەها مرۆڤینییە باڵاکان کاردەکات، بەرخورد و یەکانگیربوونی ئەزموون و دەروون و خودی مرۆڤی کوردە لەگەڵ پرسیار و ئارەزووە هەمەڕەنگ و قووڵەکانی وجوود و ژیاندا.

**پێنجەم: شاماران و ئارکیتایپی سێبەر**

وەک لە بەشی یەکەمدا باسکرا، بە پێی تیۆرییەکەی یۆنگ، سێبەر بریتییە لەو بەشە تاریکەی کەسایەتیمان، کە ئێمە حەز ناکەین دانی پێدا بنێین یان پیشانی بدەین. ئەمە ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە خەسڵەتە نەرێنییەکانمان و ئەو شتانەی کە شەرمی لێ دەکەین و لاوازییەکانمان و هاوکات ئەو هەستانەی کە پێمان وایە کۆمەڵگا قبوڵیان ناکات. گرنگیشە بزانین کە سێبەر تەنها شتی نەرێنی نییە، بەڵکو دەکرێت توانا و بەهرە باشەکانیشمان لەخۆ بگرێت کە ئێمە نەمانتوانیوە پەرەیان پێ بدەین.

یۆنگ پێی وایە کە دەبێت هەوڵ بدەین کە سێبەرەکەمان بناسین و قبووڵی بکەین وەک بەشێک لە خۆمان، هەوڵ بدەین یەکیان بخەینەوە لەگەڵ کەسایەتیی ئاگامەندمان. بە بۆچوونی یۆنگ، ئەم پرۆسەیە بەشێکی گرنگە لە گەشەی دەروونی تاک و گەیشتن بە خود، کە ئارکیتایپیکی دیاری یۆنگە.

بۆ ئەمەش ئارکیتایپگەلێکی سێبەر لە چیرۆکەکدا دەبینینەوە، بۆ نموونە شاماران وەک ئافرەت-مار سیمبولێکی ئاڵۆزە. لە دیدی یۆنگەوە، ئەم دوالیزمە نیشانەی ئەو بەشە شاراوانەیە کە لە ناخی هەر کەسێکدا هەن، مار لە کولتووری کوردیدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، لە لایەکەوە سیمبولی ژیری و زانستە، لە لایەکی ترەوە سیمبولی مەترسی و فێڵە، هێما نەرێنییەکانی ماریش وەك مردن و وێرانکاریی و خراپە و ژەهر و فێڵ و فریوە ((فریودانی حەوا و دەرکردنی لە بەهەشت لە زۆربەی ئاینەکاندا))، هێما ئەرێنییەکانیشی وەك ژیری و ژیانەوە و نەمری و کاژفرێدان و نوێبوونەوە و پیرۆزی و چارەسەرکردن لە کایەی پزیشکییدا. بۆ نموونە لای ئێزیدییەکان مار پیرۆزە و لە دەرگای لالشدا هەڵواسراوە. بەگشتی مار (هێمای شەهوەت، جیهانی ژێرەوە، نەست، غەریزە، هێز، دەسەڵاتداری جیهانی مردووان)) (راونا و شفرد ١٣٨٩: ٢١٤)، ئەم دووفاقییە رێک وەک ئارکیتایپی سێبەری یۆنگ وایە، کە تێیدا هەم لایەنی ئەرێنی و هەم نەرێنی هەیە.

بن زەویش وەک سێبەری کۆمەڵگا،شاری ژێرزەمینی مارەکان نوێنەرایەتی ناخودئاگای کۆمەڵگا دەکات لەوێدا، زانیاریی نهێنی هەیە کە کۆمەڵگا نایەوێت رووبەرووی ببێتەوە. هێزگەلێک هەن کە سەرزەمین نکۆڵیان لێ دەکات یان دەیانشارێتەوە. گەشتەکەی جاماسپ سێبەری کەسێتییەتی کە دەیەوێت خودی خۆی بدۆزێتەوە و رووبەرووبێتەوە لەگەڵ ترسدا و بە یەکێک بگات کە ئارەزووی دەمێک ساڵەیەتی و دواتریش جاماسپ دەبێتە هۆی ئەوەی کە جۆرێک لە خیانەت بکات و ببێتە هۆی لەناوچوونی متمانە و کوشتنی شاماران.

جەستەی بانووی شاماران دوانەی سروشتیی مرۆڤ وێنا دەکات، یەکەم: عەقڵ، دووەم: ڕەمەک-غەریزە، فۆرمی مار نوێنەرایەتی غەریزە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکات، لە کاتێکدا بەشە مرۆڤینییەکەی ئەو ئاماژەیە بۆ عەقڵ و حیکمەت. ئەم دووانەیە جەخت لەسەر پێکەوەکارکردنی تۆخمە دژبەیەکەکان لە نەست و ناخی مرۆڤدا دەکاتەوە. هەر بۆیە لەو ڕووەوە و هێما و ئاماژەی جەستەوە، پییەر بۆردیۆ (Pierre Bourdieu -1930-2002)، کۆمەڵناسی فەرەنسی، پێناسەی جەستەی وەک سیستەمێکی ڕێکخراو کردووە، کە هەڵگری کۆمەڵێک بەهای ڕەمزییە و لە لایەن کۆمەڵگەوە درووست کراوە، میشێل فۆکۆ( Michel foucault-1936-1984)، فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسیش بە تەنها بەوەوە ناوستێت کە بڵێت جەستە وەرگری ئاماژەی ڕەمزییە، بەڵکوو پێی وایە خۆی بە تەواوی دروستکراوی گوتارە، هەروەها بە بڕوای ئەم شتێک نییە بە ناوی جەستەوە وەک بەرهەم و دراوێکی بایەلۆجی، بەڵکوو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و دەروونیشە(شلنج، ٢٠٠٩: ١٠٨).

**شەشەم: شاماران و ئارکیتایپی پاڵەوان**

ئاشکرایە پاڵەوانی سەرەکی لە چیرۆکی ئەفسانەی شاماراندا (جاماسپی کوڕی زریال)ە، کە چەند تایبەتمەندیی و خەسڵەتێکی هەیە، کە پیشاندەری ئەو نەست و ناخودئاگاییەی کوردە سەبارەت بە ڕوانین و دنیابینی بۆ پاڵەوان و مرۆی قارەمان.

ئارکیتایپی پاڵەوان لەم ئەفسانە گرنگەدا بەم لایەن و ئەدگارانە دەناسرێتەوە، سەرەتا مرۆڤێکی ئاسایی و لە خانەوادەیەکی هەژار و نەداردایە و دوای مردنی باوکی هەژارتر دەبن ((**دوای مردنی باوک، گوزەرانیان خراپ بوو، تا دەهات هەژارتر دەبوون، دەبوایە جاماسپ ڕۆژانە بچێتە ئەو دەوروبەرە چیلکەدار کۆ بکاتەوە و بیانهێنێتە بازاڕ بیانفرۆشێت**))(شاماران، ٢٠٢١: ٤٩)، سەرەڕای ئەوەی مرۆڤێکی ئاسایی و نەدار بوو، بەڵام خاوەن هێزێکی دەروونی جێگیر و زرنگ بوو، ڕەوشتێکی بەرز و ئاگالەخۆبوو و دڵسۆز و خەمخۆری دایکی بوو. تا دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی هەم دڵی شاماران بەدەست بهێنێت و پاشانیش پاشای زۆردار لە ناوببات و وەک پاڵەوانی کۆمەڵ دەربکەوێت.

تایبەتمەندییەکی تری جاماسپی پاڵەوان بوونی توانا و هێزی سەرووسرووشتی و پەیوەندی و تێکەڵاویی بوو لەگەڵ دنیای گیانلەبەران ((**جاماسپ، لە ژیانی خۆیدا بوونەوەری وای نەدیتبوون کە قسە بکەن، ئەم مارانە بە زمانی ئەو قسەیان دەکرد، لە کەمەر بەرەو سەرەوە مرۆڤ بوون و بەرەو خوارەوەش مار**))(شاماران، ٢٠٢١: ٥٨).

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بە تاقیکردنەوەگەلێکدا دەچێت وەک بەرەنگاربوونەوەی ترس و گۆڕانکاری دەروونی و گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قووڵتر و یەکگرتن لەگەڵ گیانداران و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرە ئەفسانەییەکان، کە دەرخەری ئەو ئاوەز و

بیـرەی ئەوکـاتی مرۆڤـی کـورد بـووە. ئەم چیـرۆکە دەرخەری ئەوەیە کە چـۆن پـاڵەوان لە ڕێگەی گەشتێکی دەروونی و فیزیکییەوە پێدەگات و دەگۆڕێت.

**ئەنجام**

1. ئەفسـانە دەورێکـی بەرچـاو دەگێڕێـت لە پێکهـاتەی هەر نەتەوەیەکـدا، وا دەکـات یادەوەرییەکی بەکۆمەڵ چێ بکات و ببێتە جێی شانازییان. پەیوەندیی نێوان ئەفسانە و نەتەوە پەیوەنـدییەکی دینـامیکییە، بەو هـۆیەی ئەفسـانە وێنەدانەوەی گـۆڕان و زەمیـنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانە لە ڕابردوویاندا.

2. پەیوەندیی نێوان ئەفسانە و دەروونناسی پەیوەندییەکی هاوتەرییە. ئەفسانە ڕەنگدانەوەی ئەزمـوونی هەسـتی و نەسـتیی مرۆڤـایەتییە و نـوێنەرایەتیی نائاگـایی کـۆمەڵ دەکـات، هاوکاتیش میراتێکی دەروونی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتیشە.

3. کـارڵ گۆسـتاڤ یـۆنگی دەروونشـیکاری نـاوداری سویسـرایی، ئارکیتـایپێکگەلێکی هاوبەش لە چیرۆک ئەفسانەییەکانی گەلاندا دیاری کردووە، بە مەبەستی تێگەیشتن لە هزر و هەست و نەستی مرۆڤایەتی بەگشتی، دیارترینیان ئەمانەن: (ئانیما و ئانیمۆس، پیری دانا-حەکیم، پیرسۆنا، خود، سێبەر و پاڵەوان).

4. گەلی کورد خاوەن فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەند و زەنگینە، لە هەناویشیدا و یەکێک لە بەشـە گرنگەکانیشـی ئەفسـانە و چیـرۆکە فۆلکلۆرییەکـانە، کە زادەی هـزر و دنیابینی و خەیاڵ و هەست و نەستی تاکی کوردە لە سەردەمە جیاوازەکاندا.

5. فۆلکلـۆر و حیکـایەت و چیـرۆک فۆلکلـۆرییە کوردییەکـان، لە ڕووی چەنـدایەتییەوە زۆر و چۆنایەتییەوە بەرز و بە پێزن، لە ناویشیدا کە بەتەواوی کوردی و موڵکی ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکیی کوردییە، ئەفسانەی شامارانە. بـایەخێکی گرنگی لە چیـرۆک، ئەفسانە و بیر و باوەڕی کوردیدا هەیە.

6. چیرۆکـی ئەفسـانەیی شـاماران، کـۆی ئەو ئارکیتایپـانەی تێـدا دەبینـرێن، کە یۆنـگ دایڕشتووە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە گەلی کوردیش وەک گەلانی تـری دنیـا، خـۆی نەبـواردووە لە مەزرانـدنی ئەو نەخشـە و تەرزە گشـتیانەی یۆنـگ و نەسـتی تـاک و کـۆمەڵی خـۆی خسـتووەتە نێـو چیرۆکەکـانییەوە و لە قـاڵبی ئەفسـانەیەکی بـاڵادا نەخشاندوونی.

7. دەرکەوتەی ئارکیتـایپی ئانیمـا لە شـاماراندا بەم شـێوانە مەزرێنراون(تەوزیفکـراون): لەڕێگەی دایکەوە بۆ کوڕ(جاماسپ) گواسـتراوەتەوە. ژیـانکردن و هاوبەشـی بەردەوامـی و خاوەنـدارێتیکردنی پیاوان(جاماسـپ) لە لایەن ژنانەوە(بـانووی شـاماران و دایکـی

جاماسـپ). چـوون و هاوسـەرگیریکردنی جاماسـپ بـۆ وڵات و شـار و مـاڵی شـاماران. چەپانـدن و دەرنەبڕینـی هەسـتی قـووڵی سـۆز لای پیـاوان لە کـۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە گشتی و لە کوردیدا بەتایبەتی.

8. ئارکیتایپی ئانیمۆسیش لە چیرۆکی شاماراندا لە هەبوونی دەسەڵات و بوونی بە پاشا و دەسـەڵاتدار و بڕیاربەدەسـت لە مەملەکەتـی مارەکانـدا ڕەنگـی داوەتەوە و نەسـت و کەسایەتی و پیاوێتیی ئانیمایی لای شابانووی ماران دەردەخات. لە کولتوور و نەریت و فۆلکلۆری دێرینی کوردیدا، ژن فیگەرێکی بەهێزە و کاریگەری ئانیما و پیاوێتیان زیاتر دەردەکەوێت.

9. دەرکەوتەی ئارکیتـایپی پیـری دانـا (حەکـیم) لە شـاماراندا لە کەسـایەتیی بـاوکی پاڵەوانەکەدایە، کە (زریال)ە بەیان بووە و پیاوێکی پڕ ئەزموون و ژیر و پرسپێکراوە لە نـاو مەملەکەتەکەیـدا. وەک ڕێنیشـاندەری جاماسـپی کوڕیشـی دەبینرێـت لە باسکردنی دۆزینەوەی وڵاتی شاماران لە ڕێگەی بیرێکەوە لە کتێبەکەیدا.

10. لە چیرۆکـی شـاماراندا ئارکیتـایپی دەمامک(پێرسـۆنا) لە زۆر شـوێنی چیـرۆکەکەدا دەبینرێـت، لە ڕێـگەی کەسـایەتیە دەمامکـدار و نهێنیهەڵگرەکـانەوە وەک خـودی شـامارانی شـابانوو و جاماسـپ، ئەوکـاتەی کە ڕێـک دەکەون کە شـاماران ئاگـای لە دیارنەمـانی جاماسپ نییە و جاماسپیش لە نێو کۆمەڵگەکەیدا بەئاشـکرا ناڵێت لە وڵاتـی مارانـانەوە هـاتووەتەوە. یـان بـرادەرە نـزیکەکەی جاماسـپ کەسـێتییەکی تـری دەمامکدارێکی نەرێنییە و تەنها هاوڕێیەکی بەرژەوەندیخواز بووە و خۆی وەک هاوڕێی گیانی بەگیانی و جێمتمانەی جاماسپ پیشانداوە. ئەمەش دەلالەت لە نەست و ئاگایی کوردی دەکات و دەمامکداریی بە هەردوو بارەکەتدا پیشانداوە.

11. جێکەوت و ئاماژەکانی ئارکیتایپی (خود) بە دیدی یۆنـگ و ئیگۆ بەدیدی فرۆیـد لە شـاماراندا لە بـابەت و نـاوەڕۆکە چـاک و پشـتگیریکراوەکانی وەک خۆشەویسـتی و قوربانیـدان وەفـا و حـیکمەت و گەورەیـی ژنـدا دەبینـرێن. نـاوەڕۆک و تێماکـانی وەک خیانەت و فیتنەیی و دەسەڵاتداری خراپیش بێزێنراوە.

12. ڕەمەک و ئـارەزووە دوولایەن و شـاراوەکانی مـرۆی کـوردی لەم ئەفسـانەیدا لە ڕێـگەی ئارکیتـایپی سـێبەرەوە لە جەسـتەی شـاماراندا دەردەکەوێـت، کە بەشـێکی ژنە و بەشـێکی مـارە، یـان بـوونی سـەرزەمینی مرۆڤەکـان دەلالەت لە ئاگـایی و ژێرزەمینـی مارەکـان دەلالەت لەو چەپانـدن و ناخودئاگـایی مرۆڤـی کـورد دەکـات، وەک هەر گەلێکی تری دنیا.

13. تایبەتمەندییەکانی ئارکیتایپ و نەخشەی گشتگیری (پاڵەوان)ی یۆنگ لە لە پاڵەوان(جاماسپ)ی چیرۆکی شاماراندا، نەک بەتەواوەتی دەبینرێن، بەڵکوو پاڵەوانە کوردییەکە تایبەتمەندیی زیاتر و زۆرتر و بەهێزتری وەرگرتووە، وەک: دەروونێکی جێگیر و ڕەوشتبەرز و ئاگالەخۆبوو. هەروەها بەدەستهێنەری دڵی بانووی شاماران و خەمخۆری دایکی. وەڵامدەرەوەی پرسیارە قورسەکانی ژیان. بارگۆڕینی لە نەدارییەوە و بێدەسەڵاتییەوە بۆ زەنگینی و دەسەڵاتداری. هەبوونی توانا و هێزی سەرووسرووشتی و پەیوەندی و تێکەڵاویی لەگەڵ گیاندارانــدا. چاونەترسی و تێپەڕین بە گەلێک تاقیکردنەوەی پڕ ترس و تۆقیندا.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی


١. ابراهیم، د. نبیلە(١٩٨٦)، ئەفسانە، وەرگێڕانی: محەمەد بەدری، بەغدا، چاپخانەی (علاء).

٢. ئیبراهیم، دلاوەر(٢٠١٥)، شیعرییەت لە دەقەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی.

٣. ئەڵوەنی، د.نەجم(٢٠٠٧)، ئەفسانە و پەندی کۆمیدیی گاڵتەئامێزی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، زنجیرە کتێبی دەزگای موزیک و کەلەپووری کوردی).

٤. بادی، ئیسماعیل(٢٠٢٣)،ئەفسانە... بنەما و تایبەتمەندییێن وێ ئەفسانەیێن کوردی، کۆڤارا مەتین، کۆڤارەکا ڕەوشەنبیری یا گشتی-هەیڤانەیە، هژمارا ٢٣٨، تەباخا ٢٠٢٣، دهۆک، چاپخانا خانی.

٥. حەسەن، د.مەولوود ئیبراهیم(٢٠٠٧)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٦. دەوڵەت، مەریوان عومەر (٢٠٠٠)، میتۆلۆژیا و بەشێک لە خواوەندەکانی یۆنان و جیهانی کۆن، گۆڤاری هەڵوێستی نیشتمانی، ژمارە (٥).

٧. دەروێشان، عەلی ئەشرەف(٢٠٠٢)، ئەفسانە و ڕازی کوردی، و: عەزیز گەردی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٨. سەجادی، عەلائەدین(١٩٥٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف.

٩. زیۆس(٢٠٠٥)، ئەفسانەی خواکان، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی بۆ فارسی: شجاع الدین صفا، وەرگێڕانی بۆ کوردی: عومەر ڕەسووڵ خدر، سلێمانی.

١٠. عزیز، عزالدین احمد(٢٠١٠)، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١١. عەبدوڵا، پێشڕەو(٢٠١٣)، دەروونشیکاریی شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی هاشم.

١٢. علی، جعفر (٢٠١٨)، کاریزما وەکو بزوێنەری مێژوو، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە١١.

١٣. شارەزا، کەریم(٢٠٠٥)، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری.

١٤. قادر، ئاوارە فەرەیدوون(٢٠١٠)، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

١٥. محەمەد، شەیدا ڕەشید (٢٠١٦)، شێواز لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا (قۆناغی دوای بزووتنەوەی ڕوانگە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

١٦. یوسف، هۆشەنگ شێخ محەمەد(٢٠٢١)، ئەفسانەی شاماران- ب زارێ کورمانجییا سەروو و خواروو، چاپا ئێکێ، دهۆک، ئەنستیتویا کەلەپوورێ کوردی.

١٧. یۆنگ، کارڵ گۆستاڤ(٢٠٢٤)، مرۆڤ و هێماکانی، لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد سوڵتان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١٨. أبراهيم، نبيلة(١٩٨٣)، اشكال التعبير في الادب الشعبي، القاهرة، دار نهضة مصر للطباعة والنشر.

١٩. جوف، فانسون(٢٠١٢)، شعرية الرواية، ترجمم: لحسن أحمامم، الطبعة الاولى، دارالتكوين.

٢٠. حسن، بيساران(٢٠١٠)، الاشكال الرمزية فى االوحة التشكيلية المعاصرة فى كوردستان العراق، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية.

٢١. عبدالنور، الجبور(١٩٨٤)، المعجم الادبي، طبعة الثانية، بيروت، دار العالم للملايين.

٢٢. شلنج، كريس(٢٠٠٩)، الجسد والنظرية الجتماعية، الامارات، دار كلمة للنشر.

٢٣. كنعان، شلوميت ريمون(٢٠١٢)، التخيل القصصي، ترجمة: لحسن حمامة، الطبعة الاولى، دار التكوين.

**سێیەم: بە زمانی فارسی**

٢٤. الياده، ميرچا (١٣٩٨) اسطوره و واقعيت، چاپ سوم ترجمه: مانى صالحى علامه، تهران، كتاب پارسه.

٢٥. ئیبراهیم، سوورێن (١٣٩٩)، مار در اساطير كوردى، كارشناسى ارشد، دانگشاه رازى.

٢٦. اسنودن، روث(١٣٩٢)، يونگ، مفاهيم كليدى، ترجمه: افسانه شيخ السلام زاده، تهران، عطايى.

٢٧. انوشه، حسن (١٣٨١)، فرهنگنامه ادب فارسى (دانشنامه ادب فارسى). جلد ٢، چاپ ٢ ، تهران: وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامى.

٢٨. راونا و شفرد(راپرت)(١٣٩٨)، ١٠٠٠ نماد، مترجم: ازاده بيدار بخت و نسترن لواسانى، چاپ پنجم، تهران، نشر نى.

٢٩. يونگ، كارل گوستاو(١٣٦٨)، چهار صورت مثالى، ترجمه پروين فرامرزي. چاپ اول. مشهد، آستان قدس رضوي.

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**

- 30-Jung, C, G (2010), four archetypes (Mother, Rebirth, Spirit and Trickster), Translated by R.F.C. Hull, America, Bollingen Series.
- 31-Jung, C.G (1961), Memories, Dreams, Reflections, Recorded and Edited by Aniela Jaffe, Translated from the German by Richard and Clara Winston, Vintage's book.
- 32-VandenBos, Gary R (2015), APA Dictionary of Psychology, second edition, Washington, DC, Published by: American Psychological Association.

## أسطورة شاماران الكردية من منظور نماذج كارل غوستاف يونغ

**الملخص**

إن من أبرز القصص الأسطورية التي هي كردية بالكامل وتنتمي إلى الفلكلور الكردي والأدب الشفاهي، هي أسطورة شاماران. ويلعب هذا المخلوق الأسطوري، الذي نصفه العلوي امرأة جميلة ونصفه السفلي ثعبان كبير، دورا مهما في القصص والأساطير والمعتقدات الكردية. وقد تم سرد هذه الأسطورة في أجزاء كثيرة من كردستان منذ العصور القديمة. قصة شاماران مليئة بالحكم والأمثال وموضوعات الحب والتعليم والشفاء والحفاظ على توازن الطبيعة والنفس البشرية والحكمة ورموز الحياة الإنسانية والاجتماعية والأرقام وغيرها. كارل غوستاف يونغ (١٨٧٥- ١٩٦١)، عالم النفس السويسري الشهير والمحلل النفسي الكبير للقصص الأسطورية العالمية وصاحب نظرية الوعي الجماعي في التحليل النفسي، حدد عدة نماذج شخصية، والتي تسمى أيضا الخرائط الشاملة، في القصص الأسطورية لشعوب العالم بغرض فهم الوعي الجماعي والنفسية الإنسانية. وأبرز هذه النماذج، الآنيما/الآنيموس والشيخ الحكيم، والذات، والظل. يجيب البحث على سؤال ومفاده إلى أي مدى تضمنت اسطورة شاماران الكردية نماذج يونغ وما كيفية توظيفها؟ المنهج التكاملي (التحليل الوصفي والتحليل النفسي).

**الكلمات الدالة:** *الأسطورة، الحكاية الخرافية، كارل غوستاف يونغ، نماذج الشخصية، شاماران.*

# the Kurdish Mythology of Shamaran in the Perspective of Carl Gustav Jung's Archetypes


**Abstract**

The mythology of Shamaran is one of the most prominent and widely recognized Kurdish stories and is deeply rooted in Kurdish folklore and oral literature. This mythical creature, with the upper body of a beautiful woman and the lower body of a large serpent, holds significant importance in Kurdish mythology and beliefs. The story has been shared across Kurdistan since ancient times, depicted in various forms such as paintings, carvings, and hangings, and recounted in storytelling sessions throughout the region. Carl Gustav Jung (1875-1961), the renowned Swiss psychologist and influential psychoanalyst known for his work on the world's mythological stories, developed the theory of the collective unconscious in psychoanalysis. He identified several archetypes, considered universal patterns, in the mythological stories of the world, aiming to understand humanity's collective unconsciousness and psyche. The most prominent archetypes that Carl Gustave highlighted are (anima , animus, the wise old man, the persona (the mask), self, the shadow, and the hero). the both methods (descriptive analysis and psychoanalysis)



**Keywords:** *myth, mythical story, Carl Gustav Jung, archetype, Shamaran.*